Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10335

# مۆسیقای کێش و قاڵبە کێشەکانی شیعری حەمدی

**ئەژین عدنان حيدر، فؤاد حسێن احمد**

بەشی زمانی کوردی، کولێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

Received: April, 2023

Revised: April, 2023

Accepted: May, 2023

**Keywords**

شیعری كلاسيك، مۆسیقا، كێش، حەمدی

**Corresponding Author**

**پوختە:**

مۆسیقا پێکهاتەو بناغەیەکی سەرەکی شیعرە، دەبێتە مایەی هاوسەنگی بۆی، چونکە ئەو ڕیتمەی لەشیعردا هەیە لەمۆسیقاوە بۆی ماوەتەوە، هەروەها ئەورەگەزانەشی کەهیچ پەیوەندی وهاوسەنگییان نییە، بەهۆی مۆسیقاوە هاوسەنگ دەبن. کێشیش ڕەگەزێکی سەرەکی وبنەمایەکی گرنگە بۆجیاکردنەوەی شیعر لەژانرەکانی تری ئەدەب، ڕۆڵی هەیە لەدروستبوون و پێکهێنانی مۆسیقای دەرەوەی شیعربەگشتی وشیعری کلاسیکی بەتایبەتی، ئەم ڕۆڵەش لەڕێگەی دابەشکردنی شیعرەکە بەسەر بڕگەی کورت ودرێژو تەفعیلەکانداو دووبارەبوونەوەی ماوە زەمەنییەکان ووەستانە عەرووزیەکان دروست دەبێت، هەرئەمەش وادەکات لەڕوانگەیەکی مۆسیقییەوە لەکێش بڕوانین وبەبنەمایەکی سەرەکی مۆسیقای شیعری دابنێین، ئەم توێژینەوەیە، کەبەناونیشانی (مۆسیقای کێش وقاڵبە کێشەکانی شیعری حەمدی)یە. هەوڵیکە بۆدیاریکردن وخستنەڕووی مۆسیقای کێش وقاڵبەکێشەکانی شیعری "حەمدی"

توێژینەوەکە، بەپێی میتۆدی (وەسفیی شیکاری)، ئامادەکراوە،لە پێشەکییەك ودووبەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا، چەمك وزاراوەی هەریەك لەمۆسیقاو كێش بەرباس دراوە و لەوبارەیەوە کۆمەڵێك بۆچوونی نووسەران خراوەتە ڕوو، دواترلەباسی کێشدا ئاماژە بە کێشی عەرووزی عەرەبی دراوە.

بەشی دووەمیش،بەشێێکی پراکتیکییە، مۆسیقای هەریەك لەو قاڵبە کێشانە خراوەتەڕوو کەحەمدی لەشیعرەکانیدا بەکاریهێناوە، قاڵبە کێشەکانیش پێکدێت لەقاڵبە کێشی( هەزەج، ڕەمەڵ، موزاریع، موتەقاریب، خەفیف، ڕەجەز، موجتەس)، دواتر ڕێژەی بەکارهێنانی هەریەك لەوقاڵبانە خراوەتەڕوو، لەکۆتایشدا ئەنجام وسەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی دەبینرێت.

**پێشەکی:**

مۆسیقا هونەرێکە لەهونەرە دەنگییەکان، کەڕۆڵێکی گرنگ وسەرەکی لەبنیاتنانی شیعردا دەگێڕێت، پەیوەندییەکی بەهێزو پتەو بەشیعری دەبەستێتەوە، ئەم پەیوەندییەش زیاتر پەیوەستە بەزەمەنەوە وجیاکردنەوەی کارێکی ئاسان نییە، چونکە پەیوەندییەکەیان پەیوەندییەکی بەیەکداچوو تێکچڕژاوە و خاوەن مێژوویەکی دورودرێژە، کەلەگەڵ پەیدابوونی مرۆف سەریهەڵداوە، ئەمەش وای کردووە بڵێین گیانێکن لەدوو جەستەدا.

مۆسیقای (کێش)یش، ئەو جۆرە مۆسیقایەیە،کەلە دەقێکی شیعری هەستی پێدەکرێت.ئەو مۆسیقایەش بەهۆی کورتی ودرێژی وچۆنییەتی دابەشکردنی بەسەر بڕگەو پێیەکاندا دروستدەبێت وشێوازێکی تایبەت بەشیعر دەبەخشێت. حەمدی بایەخێکی تایبەتی بەکێش داوە وەك جۆرێکی گرنگی مۆسیقای دەرەوەی شیعر،لەڕووی بەکارهێنانیشەوە کێشی-عەرووزی بەکارهێناوەو تەواوی شیعرەکانی بەو کێشە هۆنیوەتەوە، لەم ڕووەشەوە تواناو دەستڕەنگینی خۆی پیشانداوە.

## بەشی یەکەم:چەمک و زاراوەی مۆسیقاو کێشی شیعر

### یەکەم:چەمک و زاراوەی مۆسیقا:

مۆسیقازمانێکی جیهانی دەگمەنە، هونەرێکە لەهونەرەدەنگیەکان، کە لەمێژووی کۆن وهاوچەرخداجێگایەکی دیارورۆڵێکی سەرەکی لەنەریتە ئاینی وچالاکییەکۆمەڵایەتیەکان هەیە،زۆربەی فەیلەسوف وبیرمەندان بەتوخمێکی گرنگی دەزانن بۆ تێگەشتن لەگەردوون ونهێنێکانی. لەکۆمەڵگەمۆدیرن و پێشکەوتووەکاندا، بۆچارەسەری دەروونی بەکاردەهێنرێت چونکە کاریگەری لەسەرهەڵسوکەوتی مرۆڤ هەیە،مۆسیقالەسەردەم وشارستانییەجۆراوجۆرەکانی وەک(میسری کۆن ویۆنانی وئەوروپی...هتد)،گەشەی کردووە،دواتربووەبەزانستێک وەکو هەمووزانستەکانی تر.

زاراوەی (مۆسیقا)ش لە بنچینەدا لە وشەی (muse)ی یۆنانیەوەهاتووە،کەیەکێکەلەو (٩)خواوەندەی کەهانی شیعرو مۆسیقاو لقەکانی تری هونەرو ئەدەبیان داوە،هەرچالاکیەکی هونەری وئەدەبی ئەنجام بدرایە لەلایەن(٩) کچەکەی خواوەند( زیوس وتیمۆسین)ەوە سەرپەرشتی دەکران .دواتر ئەم زاراوەیە چووەتە ناو زمانی فەرەنسی. کۆن و(musike)یان پێ وتووە کە بۆ کاری هونەری بەکارهێنراوە،دوای ئەوەش چووەتە ناو زمانی لاتینی و (musica) یان (mousika)،یان پێ وتووە .(کەلاری:٢٠١١،٦٦)

لەزمانی کوردیشدا زاراوەی(مۆسیقا)یان(میوزیک)،بەکارهێنراوە کەبەمانای((ئاوازی خۆش وئامرازی دەستکرد))،دێت.(هەژار:١٣٩١،١٢)

موزیک ڕۆڵێکی گرنگی هەیەلەژیانی مرۆڤدا،(ڕۆڵگێڕانەکەشی بەشێوەیەکە کەهەموهەست ونەست وجوڵەیەکی ژیانمانی داگیرکردووە،تەنانەت گەردوونیش هەمووجوڵەکانی ڕەمزێکی ڕێکوپێکی یەک بەدوای یەکی موزیکییە،مرۆڤ لەچاخەدێرینەکانەوەلەمۆسیقای ڕوانیوەوکردوویەتی بەهاوڕێیەکی لەیەکدانەبڕاووشیرینی خۆی،کردوویەتی بەهۆکاری دەربڕینی خۆشی وسەختیەکانی خۆی،کەلەسەرەتاوە قوڕگی مرۆڤ ئەم ڕۆڵەی بینیوە،بۆئاگاداربوون لەیەکتری ولێک تێگەشتن وزاڵبوون بەسەر مەترسییەکانی سروشت، دواتر وردە وردە مرۆڤ بیری لەوە کردۆتەوە ئامرازێک دروستبکات بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەرتر سوودی لێببینێت،بەمەش لە کلۆری قەدی درەخت دەفری گڵین بەبەکارهێنانی پێستی ئاژەڵ ئامێرە سەرەتایەکانی وەک(تەپڵ،دەف،دەهۆڵ..)،دروستکرد،دوای ئەوەش ئامێرەکانی (چەنگ،تەنبوور،عود،گیتار...)،دروستکران.دواتر بەگۆڕینی شێوەوپێکهاتەی ئامێرەکان وبیرکردنەوەی مرۆڤ،ئامێری تازەترو پێشکەوتووتریان داهێنا..(پوور:٢٠٠٧،٧).

موزیکیش بەپێی گۆڕانی سەردەم پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوەوبووەبەزانسێکی سەربەخۆ وەکوهەمووزانستەکانی تر.لەم بارەیەوە (صلاح رەئوف)دەڵێت:((مۆسیقا هونەرو زانست وزمانە،دەڵێن هونەرەچونکەمۆسیقاوەکوبەشەکانی دیکەی هونەرپێویستی بەبەهرەیەکی سروشتی هەیە،مۆسیقازانستە،لەسەربناغەی زانستی بیرکاری و فیزیایي وسروشت دانراوە،مۆسیقازمانەبەڵام زمانێکی جیهانیەو ئەلف وبای تایبەت بەخۆی هەیە)).(رؤوف:١٩٨٩،٦).مۆسیقای شیعریش (بەونەغمانەدەوترێت،کەئەدیبان بەتایبەتی شاعیران،لە هۆنراوەکانیاندا پێکی دەهێنن ودەیکەنەڕەگەزی سەرەکی بنیاتی بەرهەمەکانیان وشاکاری هونەری پێ ئەنجام دەدەن).(عەلی:١٩٩٨،٨٦) بەمەش مۆسیقادەبێتەڕەگەزێکی سەرەکی ودیاری دیوی ناوەوەودەرەوەی شیعر،کەلەئەنجامی سۆزوهەڵچوونی شاعیرسەرهەڵدەدات.هەروەک (د,کمال ابو دیب)دەڵێت:((مۆسیقادووبارەبوونەوەی دیاردەدەنگیەکانەلەمەودایەکی دیاریکراودا،بەسروشتێکی جیاوازلەدیاردەدەنگیەکانی تری دەق،کەزیاتریش لەدوو ڕەگەزی جیاواز پێکدێت)).(ابو دیب:١٩٧٣،٢٣) (دلێر ابراهیم)یش دەربارەی مۆسیقا دەڵێت:((مۆسیقا پەیوەندی نێوان دەنگەکانەیەک بەوی ترەوە لەڕووی ناسکی و گڕیدا،ئەم دووتوخمەشان بەشانی یەک دەڕۆن،واتەبەهەردووکیانەوەئینجا مۆسیقادروستەبێت،هەرتاکێکیان بەتەنها مۆسیقا دروست ناکات.مۆسیقا لەمانە پێکهاتووە:دەنگ ،پلەتوندی،جۆر یا زەنگ، کات)).(ئیبراهیم:٢٠٠٤،١٢)

فەرهەنگی (ویبستر) ((مۆسیقا بەدەنگ وەسف دەکات،کەدەوترێت بەدەنگ یان ئامێرێکی مۆسیقی دەژەندرێت))(Abeles:2010.6)،ئەم شێوازەلە شیعریشدابەرچاو دەکەوێت،چونکە شیعر لەکۆمەڵە دەنگێک پێکهاتووە، ئەو دەنگانە لەوشەدا دەردەکەون،ئەو وشانەش وشەی ئاسایي زمانن بەڵام شاعیر بەپێی هەست و سۆزوکێشی. شیعر،ڕێکیان دەخات ودەیانگونجێنێت،بەمەش ڕۆحیەت بەدەقەکە دەبەخشێت ومۆسیقایەکی تایبەت وسەرنج ڕاکێش بۆدەقەکە دابیندەکات،والەخوێنەر گوێگریش دەکات حەزیان بەخوێندنەوەوبیستنی دەقەکە بێت وبێزارنەبن لەدووبارەکردنەوەی.بەمەش پەیوەندی نێوان شیعرو مۆسیقا بەگشتی وکێش بەتایبەتی دەردەکەوێت چونکە هەردوکیان گرنگی بەلایەنی دەنگی دەدەن.

مۆسیقاشێوازێکی تایبەتەبەشیعر دەبەخشێت.دەقی شیعریش لەسەر بنەمای (کێش)دادەمەزرێت،ئەم (کێش)ەش وادەکات

هەست بەمۆسیقایەکی تایبەت بکرێت لەشیعردا،((سەرجەمی کێشی_ شیعر بەمۆسیقاناودەبرێت،چونکەشیعرپێکهاتەی وشەو دەنگە دەلالەتی دەنگەکانیش پێشەوەی ئەرکی مانا ببینن دەلالەتی مۆسیقیان هەیە،هەرلەبەرئەوەشەدەبێت شاعیر لەدەلالەتی مۆسیقای زمان سوود وەربگرێت)).(هلال:١٩٧٣،٤٧٦)کەوایەمۆسیقارەگەزێکی بنەڕەتی شیعرەو بەهەناوی شیعر دادەنرێت وکاریگەری لەسەر دڵ ودەروونی خوێنەر بەجێدەهێڵێت ئەمەش پەیام وئامانجی مۆسیقایە.

## دووەم:چەمک و زاراوەی کێش:

کێش:ڕەگەزێکی سەرەکی وبنەمایەکی گرنگەبۆجیاکردنەوەی شیعرلەژانرەکانی تری ئەدەب،کەلەلایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە بایەخێکی یەکجارزۆری پێدراوە،چونکە کێش بەدرێژایی مێژوولای هەموونەتەوەکان بایەخ وتایبەتمەندی خۆی هەبووە،بەڵام هەرنەتەوەیەک بەپێی تایبەتمەندی زمانەکەی بەکاریهێناوە،بەشێوەیەک کەلەگەڵ سروشت وباساوتایبەتمەندیە فۆنۆلۆجیەکانی زمانەکەیدا بگونجێت.سەرەڕای ئەوەش کێش بەپێی سەردەم وگۆڕانی کۆمەڵگاو بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە،ئەو گۆڕانەش بەشێوەیەک بووە کە لەگەڵ بیر مەبەست و ئامانجی کۆمەڵگاو سەردەم بگونجێت.لەڕووی زاراوەشەوە لەزمانی کوردیداکێش بەرامبەر بە(الوزن)ی عەرەبی بەکارهێنراوە.

ئەگەر سەیری ئەو توێژینەوانە بکەین کەلەبارەی شیعرەوە نووسراون، دەبینین زۆربەیان باسی شیعریان نەکردووە بەبێ ناوهێنانی کێش،کێشیان بەبنەمایەکی سەرەکی شیعر داناوە بۆنمونە:-ئەفلاتۆن لەگفتۆگۆی نێوان ئەیۆن وسۆکراتدا،باس لەگرنگی کێش دەکات وبەبنمایەکی سەرەکی دادەنێت لەجیاکردنەوەی شیعرلەپەخشان ودەڵێت:((هەمووشاعیرەکان شاعیرانی داستانەکان،یاشاعیرە لیریکییەکان بن،شیعرەکانیان لە ڕێگەی ئیلهامەوە دادەنێن،هەروەک چۆن سەماکەرانی کۆریبانت کەسەمادەکەن ئاگایان لەخۆیان نییە،هەروەهاشاعیرەلیریکییەکانیش لەکاتی دانانی گۆرانییەجوانەکانیان ئاگایان لەخۆیان نییە،بەڵکو کێش ومۆسیقابەسەریاندا زاڵ دەبێت وئیلهامیان پێدەبخشێت وبەرەوخۆیان ڕادەکێشێ)).(سابیر،٢٠٠٦،٣٥١)

بەپێی ئەم پێناسەیە، کێش لای ئەفلاتۆن بایەخی تایبەتی هەیەو بەبنەمایەکی گرنگی شیعری دادەنێت و پێی وایە شاعیرەکان لەکاتی دانانی شیعرەکانیاندا وەکو سەماکەرانی کۆریبانت دەکەونە حاڵەتی مەستیەوە،ئەمەش وادەکات کێش و مۆسیقا زاڵ بێت بەسریانداو ئیلهامیان پێببەخشێت.

-ئەرستۆ دەڵێت((ڕەگەزی جیاکەرەوەی شیعر لاسایکردنەوەیە،کێش باری دەرەوەیەو بەپلە دوو دێت)).(گەردی ،١٩٩٩،٧٠)

لێرەدائەرستۆبەپێچەوانەی ئەفلاتۆن بایەخیکی ئەوتۆی بەکێش نەداوەوپێی وایە شیعر لاسایکردنەوەیەو لەهەمان کاتدا لاسایکردنەوەیەکی باشیشە چونکە خواستی لاسایکردنەوە غەریزەیەکە کەلەناخی مرۆڤەکاندا هەیە،لەگەڵ ئاوێتەبوونی مرۆڤ و سروشت ئەو هونەرە باڵا ئەبێت و گەشەدەکات وپێی دەوترێت شیعر.کەوایەئەرستۆ تەنهاکێش بەمەرجی سەرەکی شیعر دانانێت،پێی وایە لاسایکردنەوە بنەمای جیاکردنەوەی شیعرەو کێش بەپلە دوو دادەنێت .

-(هۆراس)یش لە (هونەری شیعر)ەکەیدا دەڵێت:((پێشینانتان وەکو یەک ستایشی_ مۆسیقای شیعروقسەی پڵاوتۆسیان کردووە..ئەگەر ئێمە،من و ئێوە،بزانین چۆن قسەی خۆش و نوکتەی سوکەڵە لەیەکتر جیابکەینەوەو مۆسیقای ڕەوا بەپەنجەو گوێهەڵبسەنگێنین،ئەوا بڕیاردەدەین کە ئەوان لەوپەڕی چاوپۆشیکردنەوە ئەو دووشتەیان پەسەندکردووە،ئەگەر نەڵێین لەڕووی نەزانیەوە بووە))(هۆراس،١٩٧٩،٢٨،٢٧)

لێرەدا هۆراس پێمان دەڵێت چۆن شیعری مۆسیقادار لەشیعری بێ مۆسیقا جیابکەینەوەوهەروەها چۆن قسەی ڕۆژانەی خەڵک لەزمانی شیعر جیابکەینەوە چونکە،نابێت شاعیر قسەی ڕۆژانە لەشیعردا بەکاربێنێت.کەوایە هۆراس پێی وایە کە شاعیر دەبێت پەیڕەوی کێش و ئاواز بکات تاوەکو لەقسەی ڕۆژانە دووربکەوێتەوە..

-شێخ نووری شێخ ساڵح دەڵێت:((وەزن لەلغتدا بەگرانی و ثقلت ئەڵێن،فقط نظربە ئیضاحاتی سەرەوەلەلیسانی ئەدەبیاتدا کەلیمەیەکە لەمەعنای معیار،مقیاس،تەرازوودایە لەم ئیضاحاتەوە وادەرئەکەوێ کە وزن(تەرازووی ئاهەنگە)،مەقصەد لەم تەرازووە ئەوەیەلە وەقتێکداکە سیلسیلەی ئەفکارمان بەیان کردو نوسیجملەکانی موعەیەن و بەطەرزێکی ئاهەنگدار تەقسیم بکا)).(نوری،١٩٢٦،٢)

شێخ نووری لێرەدا هەرچەندەئاماژەی بە(پێ-تەفعیلە)نەکردووە وەک دانەیەکی مۆسیقای شیعری،بەڵام ،باسی ڕۆڵ و گرنگی کێش ئەکات لەبنیاتنانی مۆسیقای شیعریدا. کێش بەپێوانەو تەرازووی شیعردادەنێت.

-گۆرانیش لەباسی کێشدا دەڵێت:((کێشی_ هەڵبەست چ لەناوگەلانی ڕۆژهەڵات و چ لەناوگەلانی ڕۆژئاوادا هەیەو لەڕێکخستنی قسە پەیدا بووە،لەسەر بنەمای دەستەدەستکردنی دەنگەکانی،بەدانانی شوێنی پشوودان،لەناوەندی هەموو ڕستەیەکدا ئەم دەنگە

دەستەدەســت كــراوانە لەعەرەبیــدا(تەفعیلە)و لە زمانەكــانی رۆژئاوادا (پێ)یان پێدەڵێن)).(ئاشنا،٢٠٠٢، ١٥٥)
لــێرەدا گــۆران ئامــاژە بەبــوونی كــێش دەكــات لای گەلانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا،هەروەهـا كـێش بەبنەمـای جیاكردنەوەی شــیعر لەپەخشــان دادەنێــت.ئەو(كێش)ەش لە ئەنجــامی رێكخستنی دەنگەكان و ماوەی نێوان (پێ)كان دروستدەبێت كەلەعەرەبیدا (تەفیعلە)و لەكوردیدا(پێ)یان پێوتووە.
-عبــدالرزاق البیماردەڵێــت:((كێش بـریتییە لە سـەرجەمی ئەو پێیــانەی دێــرِ هەڵبەســتێک دروســتدەكەن،كە لە عەرووزی عەرەبیدا تەفعیلەی پێدەڵێن)).(بیمار،١٩٩٢، ١٠)
لەم پێناسـەیەدا عبـدالرزاق البیمـار كـێش بەرِەگەزێكی سـەرەكی ونەپچــرِاوی شــیعر دادەنێت.ئامــاژە بەوە دەكــات كە شــیعر لەچەند (تەفعیلەیەک)دروستدەبێت،بەهەموو تەفعیلەكانەوە كێشــێكی جــوان بە شــیعرەكە دەبەخشــن ئەمەش وادەكــات مۆسیقای شیعری بەجۆشتر دەربكەوێت.
-(عەزیز گەردی)یش دەڵێت((كێش شـورای گشـتی هـۆنراوەیە، لێ ناگەرِێ هۆنراوەكە بپچرِێت و بپرِژێ)).(گەردی،١٩٩٩، ٧٣)
(گەردی )یش كـێش وەكـو چوارچێوەیەكی گرنگ و شـورایەک دادەنێت كە هـۆنراوە لەپچـرِان و پەرش و بـڵاوی دەپارێزێـت و ئەركی تەواوكردنی مۆسیقای شیعریش دەبینێت.
لەئەنجـامی ئەوپێناسـانەوە دەگەیـن بەوەی كە كـێش یەكەی پێـوانەی شـیعرەوخاوەن سـیتەمێكی دەنـگی تـایبەتە،نەبوونی دەبێـتە هـۆی ئەوەی شـیعرەكە جـوانی وناسـكی لەدەسـتبدات هەروەهـا بەهـۆی ((زانسـتی كێشناسییەوە،بەشـێكی كاریگەری ویژدانی شـاعیرمان بۆدەردەكەوێت و بۆمـان روونـدەبێتەوە كە ئـاوازی شـیعری لەگەڵ رِەگەزەكـانی تـری شـیعریدا چ جـۆرە كەشـێک دروسـتدەكەن بـۆ گواسـتنەوەی هەسـت و سـۆزی شـــاعیرو چ كارێـــک لەهەســـت و ســـۆزی خـــوێنەر دەكەن)).(گەردی،٢٠١٤، ٥)شـیعریش وەكـو وێـنەیەكی زمـانی تەنها بەبیر نەبەستراوەتەوە بەڵكولایەنی مۆسیقی شیعرولایەنی فۆنەتیكی رۆڵی گرنگیـان هەیە لەبنیاتنـانی شـیعر.((كـێش نەک تەنهـا لە شـیعر بەڵكـو لەهەمـوو گـوتراوێكی غەیـری شـیعریش بوونێكی سروشتی هەیەچونكە شەپۆلە دەنگیەكان بەیەكسانی لەمێشــک دێــنە دەرەوە بەشــێوەیەكی هەنــدەسی بیرەكــان پێشكەشـدەكەن بەمەبەسـتی گەیانـدنی واتـا.بۆیە زۆر گـرنگە پارێزگاری لەو شـەپۆلە دەنگیـانە بكرێت كە كێشی۔ شـیعرەكە رێكدەخەن چونكە زمانی هونەری بۆ گوێگرە،بۆیە پێویستە ئەو وشـانەی لەبەرهەمـێكی ئەدەبی دەردەبرِدرێـت جیاوازبێــت و بەشــێوەیەكی مۆســیقی گوزارشــت لەو دەربــرِینە بكرێــت . بـــۆئەوەی كـــار لەگـــوێگر بكـــات و چـــێژێكی نەبـــراوەی پێببەخشێت)).(عەبدوڵلا،٢٠٢١، ١٥٧)

حەمـدی لەشـیعرەكانیدا پەیـرِەوی كێشی۔ كـردووەو تەواوی شیعرەكانی بەكێشی۔ عەرووزی هۆنیوەتەوە.عەرووزیش،زانستی مۆسـیقای شـیعر یـان تەرازووی شـیعرە،هەروەها((پێوەرێكی هـونەرییە كە دێـرە شـیعرەكانی پێ دەخەرێتەرِوو،بـۆ ئەوەی لەرِاســـتی و دروســـتی كێشـــەكەی دڵنیاببینەوە)).(خلوصی،،١٩٧٤، ٢٦)
ئەم زانستە لەرێگەی فێربوونەوە دەتوانین سوودی لێوەربگرین. رەنگە شاعیری سەركەتوو بتوانێت بە تواناو لێهاتووی خۆی و گوێیە مۆسیقیەكەی و هەستە ناسكەكەیەوە شیعر بڵێتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بە عەرووزو بنەماو یاساكانی بێت ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا هەرچەندەشــاعیربەتواناو لێهــاتوو بێــت و هەرچەنــدە گــوێیەكی مۆسیقیشی۔ هەبێــت ،هەر پێویســتی بەدیراســەكردنی زانســتی عەرووزو زانیــنی یاســاو بنەماكــانی دەبێت، چونكە شاعیر هەرچەندە بەتواناش بێت بەڵام رەنگە نەتوانێـت سـەركەتووبێت لەجیـاكردنەوەی كێشـە نزیكەكـان لەیەكەوە.بـۆیە شـاعیر هەرچەنـدە بەهرەداربێـت بەڵام ئەگەر كێشی۔ شیعری و بەحـرە جیاوازەكانی نەزانێت،ئەوا شیعرەكانی بەچەند كێشێكی دیاریكراو دەهۆنێتەوە بەوەش بێبەش دەبێت لەژەنـین لەسـەر ژێیەكـانی تـر،لێرەوە گـرنگی و بـایەخی زانسـتی عەرووزو بۆ شاعیر دەردەكەوێت.
كەوایە عەرووز زانســـتی مۆســـیقای شـــیعرەوتوێژینەوەیە ((دەربارەی كێشی۔ شیعری بەمەبەسـتی دەرخسـتنی مۆسـیقای دەریا عەرووزیەكان،كە شاعیر پەیرِەوی دەكات،لەهەمان كاتدا عەرووز توانــای شــاعیر لەبەكارهێنــانی دەریاكــان دەردەخــات چـــونكە،ئەو دەریایـــانە مۆســـیقای شـــیعرەكەی لەســـەر دەوەستێت))، ( صلاح،٢٠٠٧، ١١) بەمەش پەیوەندی نێوان عەرووزو مۆسـیقا دەردەكەوێـت كە خـۆی لەلایەنی دەنـگی دەبینێتەوە،چونكە(( مۆسیقا رستەكان دابەش دەكات بۆبرِگە گەلێكی دەنگی جیاواز لەدرێژیی و كورتیدا،یان بۆ یەكە گەلێكی دەنـگی دیـاریكراو لەســەر رِیــزێكی دیاریكراو،بەچاوپۆشــین لە دەسـتپێک و كۆتـای وشـەكان.هەروەها عەرووزیـش، بەیـتی شیعری دابەش دەكات بۆیەكە گەلێكی دەنگی دیاریكراو،یان بۆ بـرِگەگەلێكی دەنگی كە پـێی دەوترێت (تەفعیلە)،بەچاوپۆشـین لەدەستپێک و كۆتایی وشـەكان)).(العتیق:١٩٨٧، ١٢) بەمەش پەیوەندی نێوان زانستی عەرووزو مۆسیقا دەردەكەوێت.

## بەشی دووەم :مۆســیقای قــاڵبە كێشــەكانی شــیعری حەمدی :

حەمدی هەرچەندە ناوەرِۆكی شیعریەكانی نوێن،بەڵام لەرِووی رِوخسـارەوە پەیرِەوی یاسـاو رێسـای كلاسـیكی كـردووە، تەواوی شیعرەكانی بەكێشی۔ عەرووزی عەرەبی نووسیوە،ئەم كێشـەشی بەرِێژەی جیـاواز بەكارهێناوە،بۆ نمـوونە:هەزەج پلەی یەكەمی

گرتـــووە،دوای ئەوە ڕەمەڵ و کێشــەکانی دیــکە دێــین ،کە لەخـوارەوە ئاماژە بەهەریەکە لەو کێشانە دەکەین و نمونەی شیعری بۆ هەریەکەیان دەخەینەبەر باس:

**١.کـێش هەزەج:** یەکـێکە لەکێشـە سـافەکان و یەک جـۆر (تەفعیلە)ی هەیە،کێشـێکی هەشـت هەنگاوییە،بەپێچەوانەی عەرووزی عەرەبی کە شـــەش هەنگـــاوییە،ئەگەر ســـەیری شـاعیرانی کلاسـیک بکەیـن دەبینین هـیچ شـاعیرێک نییە، ئەم کێشـەی بەکارنەهێنابێـت،چونکە هەزەج((کێشـێکی گـورج و سـووک و بەئاهەنگە))،(بیمـار:١٩٩٢،٦٧) هەروەهـا( لەگەڵ سروشــــتی زمــــان و فــــۆنەتیکی کــــوردی ،زیــــاتر دەگونجێت).(سابیر:١٩٨٩،٣٤)

هۆکـاری ناونـانی بە (هەزەج)یـش بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە( کە لەرینەوەی تێدایە وسەرەتایی پێیەکانی وەتەدن و هەروەتەدێک دوو ســەبەبی ســووکی تێــدایە،ئەمەش یارمەتیــدەرە تــاوەکو دەنــگەکە درێژبکرێتەوە،هەروەهــا دەگوترێــت ئەم کێشــە جــــۆرێکە لەگــــۆرانی وتــــن عەرەب بــــۆ گــــۆرانی بەکــاری هێناوە).(یموت:١٩٩٢،١١٠)

کێشی‌ـــ هەزەج لای (حەمدی)،بەشـــــێوەیەکی بەربـــــڵاو بەکارهاتووە،کە دەکاتە٤٥.٥٥٥% شیعرەکانی.ئەم کێشە چەند قـاڵبێکی هەیە،ئـێمە تەنهـا ئەو قاڵبـانە باسـدەکەین کەشـاعیر شــیعرەکانی لەســەر بنیاتنــاوە،بۆ هەریەکەیــان نمــوونەیەک دەهێنینەوە:

**ا.هەزەجی هەشـتی تەواو:**باشـترین قـاڵبی هەزەجە،ڕیتمەکەی بەم شـێوەیە(٤-٤-٤-٤)،کەپێکـدێت لە (مفـاعیلن مفـاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) لەیکدان× ٢

دەکێشێ نەقشی شیرینت هەتا پەنجەم قەڵەم دەگرێ
بەبێ فکرت نییە قەلبم هەتا گۆشـەی عەدەم دەگرێ (دیـوانی حەمدی،٥٢٥)

ده كێ شێ نەق /شی شی ری نت /هە تا پەن جەم /قە ڵەم دەگ رێ
ب - - -   ب - - -   ب - - -   ب - - -
مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن
بە بێ فک رت /نی یە قەل بم/ هە تا گۆ شەی/ عە دەم دەگ ری
ب - - -   ب - - -   ب - - -   ب - - -
مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن

قـاڵبی ئەم شـیعرە لەدووبـارەکردنەوەی چـوار یەکەی ڕیـتمی (مفاعیلن)پێکهـاتووەلە هەر نیوەدێڕێکـدا،هەریەکە لەو یەکە ڕێتمیـانەش لە یەک بــڕگەی کــورت و سێ بــڕگەی درێــژ پێکهاتوون(ب ---)،کە بەشێوەیەکی یەکسان ورێک لەماوەیەکی دیـاریکراو و ڕیکـدا دووبـارە بـووەتەوە،ئەم دووبـارەبوونەوە ڕێکەش مۆسیقایەکی خۆش و دڵکەشی بەشیعرەکە بەخشیوە و ڕێـتمی شـیعرەکەی بەهـێز کـردووە ،وای کـردووە خـوێنەر و گوێگر چێژ لە شیعرەکە ببین.

**ب.هەزەجی هەشــتی موســەبەغ:**ڕیـتمی ئەم قـاڵبە کێشـە پێکهاتووە لە(٤ -٤-٤-٤).

بەڕۆژ گیراوەشەوبڕوواننە ئەترافی زوڵفی یار
چڵـۆنی مـن بنووسـم جـا ئیـتر ئەوسـافی زوڵـفی یـار (دیـوانی حەمدی،١٩٨)

بە ڕۆژ گی را/ وە شەو بڕ وا/ ن نە نەت را/ فی زوڵ فی یار
ب - - - / ب - - - / ب - - -/ب - - - .
مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن
چ لۆ نی من/ ب نوو سم جا/نی تر ئەو سا/فی زوڵ فی یار
ب - - -/ ب - - - / ب - - -/ب - - - .
مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن

ئەم شـــــــیعرەش لە چـــــــــوار یەکەی ڕیـــــــــتمی (مفاعیلن)،پێکهاتووە،بەهەمـــان شـــێوەی (هەزەجی هەشـــتی تەواو)،خـــاوەن مۆســـیقایەکی بەهـــێزە،بەڵام جیـــاوازیەکەی ئەوەیە،بڕگەی کۆتایی بڕگەیەکی "کەشیدەیە" کە لە بڕگەی درێژ درێژتــرە،ئەمەش وای کــردووە شــیعرەکە لەکۆتــایی دێــردا درێـژبێتەوەو مۆسـیقایەکی خـاوی هەبێت چـونکە ڕیـتمی درێـژ مۆسیقایەکی خاوو لەسەرخۆ دروستدەکات.

**پ.هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف:**ڕیتمی ئەم قـاڵبە کێشــە بەم جــۆرەیە(٣-٤-٤-٣)، پێکـدێت لە (مفعــول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢

سەودایی سەری زوڵفە بەدایم لەسەرمدا
ئیمکانی نییە قەتعی خەیاڵت لە سەرم دا (دیوانی حەمدی،٣١)

سەو دا یی/ سە ری زوڵ فە/ بە دا یم لە/سە رم دا
- - ب/ ب - - ب/ ب- - ب/ ب - -
مفعول   مفاعیل   مفاعیل   فعولن
نیم کا نی / نی یە قەت عی/ خە یا ڵت لە/سە رم دا
- - ب /ب - - ب / ب - - ب/ ب - -
مفعول   مفاعیل   مفاعیل   فعولن

ئەم شـیعرە تـووشی گـۆڕانی (خەرم و کەف و حەزف)، بـووە ئەمەش وای کردووە ڕێتمی شیعرەکە کورتربێت و مۆسیقایەکی خێراتـری هەبێـت،بەڵام ئەم قـاڵبە وەکـو (هەزەجی هەشـتی تەواو)،خاوەن مۆسیقایەکی بەهێز نییە،چونکە یەکەڕیتمیەکان بەشێوەیەکی ڕیک و یەکسان دووبارەنەبوونەتەوە.

**ت.هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسوور:**ڕیتمی ئەم قاڵبە کێشە بەم شێوەیە (٣-٤-٤-٣)،(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان)× ٢

ئەم کوردە ئەبێ دائیمە هەر قوڕ بە سەراکەن
هەرجـــــارە لە گـــــوێێ ئەبێ بەرگێ بە بەراکەن (دیـــــوانی حەمدی٧٥٢)

ئەم کور دە/ نە بێ دا نی/ مە هەر قوڕ بە/سە را کەن
- -ب/ ب - - ب/ ب - - ب/ ب - - -
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
هەر جا رە /لە گوێ نێ نە /بێ بەر گێ بە / بە را کەن
- -ب/ ب - - ب/ ب - - ب/ ب — -
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان

ئەم قـالبەش وەکـو(هەزەجی هەشـتی ئەخـرەبی مەکفـوفی مەحزوفە)،تەنهـا پـێی کۆتـایی جیاوازە،گۆڕانەکـانی (خەرەم و کەف و قەسر)،وای کـردووە مۆسـیقای شـیعرەکە کـورتترو خێراتر بێت .

**ج.هەزەجی شەشی مەحزوف:** ڕیتمی ئەم قاڵبە کێشە لە(٤-٤-٣)،پێکهاتووە.

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)× 2

وەرن یاران قسەی مەردانە ببیەن
لەنامەردی نییە خۆ مەردی کەمتەر (دیوانی حەمدی،٧٩٨)

وە ڕن یا ران/ ق سەی مەر دا /نە بب یەن
ب - - -/ ب - - -/ب - -
مفاعیلن مفاعیلن فعولن
لە نا مەر دی /نی یە خۆ مەر/ دی کەم تەر
ب - - - / ب - - -/ ب - -
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

لەم شـیعرەدا پیـتی (ق)،لە وشـەی (قسـە) قورسـایی کەوتـۆتە سـەرو وەکـو بـڕگەیەکی سـەربەخۆ دیـاری کـراوە بـۆ ئەوەی کێشـەکە دەرچێـت و لەنـگ نەبێـت .ئەمە جـگە لەوەی ئەم قـاڵبە شـیعرە(زەرب و عەرووز)ی تـووشی گـۆڕانی (حەزف) بوون،ئەمەش وای کردووە لەکۆتایی شیعرەکە هەناسە کورت ببێتەوەو مۆسیقایەکی دڵگیرو خێرای هەبێت.

**چ..هەزەجی شـەشی مەقصـور:**ڕیـتمی ئەم قـاڵبە کێشـەبەم جۆرەیە (٤-٤-٣)

مفاعیلن مفاعیلن فعولان)×٢

وەکوتەیرێ کە کەوتە چەنگەڵی باز
لە چنگی تۆ دڵم نابێ سەر ئەفراز (دیوانی حەمدی، ٢٠٩)

وە کو تەی ڕێ/ کە کەو تە چەن /گە ڵی باز
ب - - - / ب - - -/ ب - -
مفاعیلن مفاعیلن فعولان
لە چن گی تۆ / د ڵم نا بێ/ سەر ئەف راز
ب - - -/ ب - - - / ب - -
مفاعیلن مفاعیلن فعولان

لەم شیعرەدا بڕگەی (تە) لە وشـەی (کەوتە)،بڕگەیەکی کورتەو کـــراوە بەبـــڕگەیەکی درێژ،بـــڕگەی (ســـەر) لە وشـــەی (سـەرئەفراز)بڕگەیەکی درێژەو کراوە بە بڕگەی کـورت،پیتی (د) لە وشـەی (دڵـم)، قورسـایی کەوتـۆتە سـەرو وەکـو بـڕگەیەکی سـەربەخۆ پیشـاندراوە،هۆکاری ئەمـانەش بـۆئەوەیە کێشـەکە دەربچێـت و کەموکـورتی و لەنگی تیانەبێـت . یەکەڕیتمیەکـانی ئەم شـــیعرە کەمـــترن و لەمـــاوەیەکی زەمەنی کورتـــدا دووبـــارەبوونەتەوە،،ئەمەش وای کـــردووە مۆســـیقای شیعرەکەخێراتربێت.

**٢.کێشی- ڕەمەڵ:**یەکێکە لە کێشـە باوەکانی شـیعری کلاسـیکی کـوردی کە((لەگەڵ ئاوازوئاهەنـگ و ڕیـتمی گـۆرانی و چەپـڵە ڕێزانـــــــــــدا زۆر ڕێـــــــــــک و کـــــــــــۆکە))، (مەولـوود:٢٠١٠، ٥٢)هەروەهاکێشـێکی سـافە،چونکە یەک تەفعـــیلەی هەیە،(٤٣,٣٣٣%)،شـــیعرەکانی حەمـــدی پێکـدێنێت،هۆی ناونـانی بـۆئەوە دەگەڕێـتەوە کە وەتەدەکـان دەچنە نێوان سەبەبەکانەوە هەروەکو قامیشی. حەسیر کاتێک دروسـتدەکرێت،پێی دەوترێـت "ڕەمەڵێ حەسـیری" هەنـدێکی تـریش پێیـان وایە ڕەمەڵ جـۆرە گـۆرانیەکە لەسـەر ئەم کێشـە دانراوە).(التبریزی:٨٣،١٩٩٤)

قاڵبە بەکارهاتووەکانی ئەم کێشە لای حەمدی پێکهاتووە لە:

**ا.ڕەمەڵی هەشــتی مەحــزوف:**ڕیـتمی ئەم قـاڵبە کێشــە بەم جۆرەیە(٤-٤-٤-٣)

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلا(فاعلن)

دڕک ودەستت گەر هەیەحازر بەدەستت گوڵ درا
تۆلە گوڵشەندا بزانە گوڵ بە غەیری چڵ درا (حەمدی، ٣٩)

دڕ کو دەس تت/گەر هە یەحا/زر بە دەس تت / گوڵ د را
ب- - - /-ب - - /- ب - - - / - ب —
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلا
تۆ لە گوڵ شەن/ دا ب زا نە/گوڵ بە غەی ری /چڵ د را
ب- - -/- ب - -/- ب - -/- - ب -
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلا

ئەم شـــیعرە مۆســـیقایەکی ســـووک و خـــۆشی هەیە،لەکـاتی خوێنەدنەوەی شیعرەکەداهەستی پێدەکرێت ،چونکەبەئاسانی لەدەم دێـتە دەرەوە ،هەروەهـا ئەم شـیعرە لەکۆتایـدا تـووشی گـۆڕانی (حەزف)،بـووە، ئەمەش مۆسـیقاکەی خێراتـرو خۆشـتر کردووە.

**ب.ڕەمەڵی هەشتی مەقصور:**ڕیتمی ئەم قاڵبە بەم جۆرەیە(٤-٤-٣)

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلات)

قەت چنارەی پێ مەڵێن،ناوم ئەوانا بەردو دار

غەیــری بــاڵای وەک ســنەوبەرفەرمووکەی بــووبە چنــار (حەمدی،١٧٨)

قەت چ نا رەی / پێ مە ڵێن نا /وم نە وا نا/ بەر دو دار
-ب - -/ - ب - - / - ب - - -/ ب -.
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلات
غەی ری با ڵای/ وەک س نەو بەر/ فەر موو کەی بوو /بە چ نار
-ب - -/ - ب - - / - ب - - / - ب –
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلات

ئەم شـیعرەش خـاوەن مۆسـیقایەکی خـێرایە، چـونکە تـووشی گـۆڕانی (قەسر)،بــووە ئەم گــۆڕانەش واى کــردووە ڕیــتمی شـیعرەکە لەکۆتایـدا کـورت ببێـتەوەو مۆسـیقایەکی خـێری هەبێت.

**پ.ڕەمەڵی هەشــتی مەخبــوونی ئەســلەم:**ڕیـتمی ئەم قـاڵبە پێکدێت لە(٤-٤-٤-٢)

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

بەخیلافی قسەکەت شوکری بکا تا نوێژی
بەم هەمووخوێنەکەڕشــتی شــتی جــا دەســتنوێژی (دیــوانی حەمدی، ٤٩٢)

بە خی لا فی /ق سە کەت شوک/ ری ب کا تا/نوێ ژی
-ب - -/ ب ب - -/ ب ب - - / - -
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن | فع لن
بەم هە موو خوێ/ نە کە ڕش تی/ش تی جا دەس/ نوێ ژی
-ب - - / ب ب - -/ ب ب - -/ - -
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

**ت.ڕەمەڵی هەشــتی مەخبــوونی مەحــزوف:**ڕیـتمی ئەم بەم شێوەیە (٤-٤-٤-٣)

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

خەزنەیەئاووگڵت ساحێبی دارو دەوەنی
بەســەفا چەشــنی بەهەشــتی،کەچی بەیتــولحەزەنی (دیــوانی حەمدی، ٧٦٧)

خەز نە یە نا/ وو گ ڵت سا/ حی بی دا رو/ دە وە نی
-ب - -/ ب ب - -/ ب ب - - /ب ب –
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن
بە سە فا چەش / نی بە هەش تی/ کە چی بەی تول / حە زە نی
-ب - - /ب ب - - / ب ب - - / ب ب -
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

ئەودوو شـیعرەی سـەرەوە خـاوەن مۆسـیقایەکی نەرم و خـێران، چونکە تووشی گۆڕانەکانی(خەبن وسەلم و حەزف)،بوون ئەم گۆڕانەش وای کردووە یەکە ڕیتمییەکان بەخێراِیی لەماوەیەکی زەمەنی کورتــدا دووبــارەببنەوە،ئەم خــێرا دووبــارەبوونەوەش جـــۆش و خـــرۆشی و مۆســـیقایەکی دڵگـــیری بەشـــیعرەکە بەخشیوە.

**٣.کێشی. موزاریــع:**ئەم کێشە کێشێکی لێکدراوە،لەهەردوو پێی (مفاعیلن-فاع لاتن)،دروستدەبێت،(٩.٤٤٤%)ی شـیعرەکانی حەمدی پێکدێنێت.لەزمانی عەرەبیدا بایەخێکی ئەوتۆی نییە و کێشـێکی بـاو نیـیە،بەڵام لەزمـانی کوردیـدا پـلەی سـێیەمی گرتـــــووە،بەڵگەش بـــــۆ ئەمە(د.محمد بەکر)،لەنـــــامەی ماسـتەرەکەیدا،لەدیاریکردنی ڕێـژەی سـەدی کێشی_ عەرووزی شـیعری کلاسـیکی پـلەی سـێیەمی بـۆ دیـاریکردووە بەڕێـژەی( ٧.٤%).(بەکر:٢٠٠٤،١٩٧)

عەزیـز گەردیـش لەکتێـبی (ڕابەری کێشی_ شـیعری کلاسـیکی کـــــــوردی)،پلەی ســـــــێیەمی پێبەخشـــــــیوە،بەڕێژەی (٥.٧٦٧%).(گەردی:٢٠٠٣،٧٨٢).هۆکـــــــــــاری ئەم زۆر بەکارهێنـانەی کێشی_ موزاریــع و بەخشـینی پـلەی سـێیەم بەم کێشـە بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە ئەوپێیانەی کێشی_ موزاریعیان لەســـەر بنیاتنراوە،هەمـــان ئەو پێیـــانەن کە کێشی_ هەزەج و ڕەمەڵیـــان لەســـەر بنیـــاتنراوە،بەڵام (فـــاعلاتن)ی ڕەمەڵ کراوەبە(فاع لاتن)،ئەمەش وای کردووە کێشێکی سووکی هەبێ و ڕیتم و مۆسـیقاکەشی نزیـک بێـت لەڕێتم و مۆسـیقای کێشی_ هەزەج و ڕەمەڵ.

قاڵبە بەکارهاتووەکانی ئەم کێشە لای حەمدی پێکدێت لە:

ا.**موزاریعی هەشـتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحـزوف:**ڕیتمی ئەم قاڵبە پێکدێت لە(٣-٤-٤-٣)

(مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن)×٢

بۆحاڵی من دیسانەوە شیوەن ئەکا هەوا
نــاچێ کە ئــاهی نیــوە شــەوی کەس ببــا هەوا (دیــوانی حەمدی،٧٦)

بۆ حا ڵی /من دی سا نە /وە شی وەن نە/ کا هە وا
--ب -/ ب - ب / ب - - ب/- ب -
مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن
نا چێ کە / نا هی نی وە / شە وی کەس ب/با هە وا
--ب -/ ب - ب/ ب - - ب/ - ب –
مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

لەم شــیعرەدا هەســت بەجۆرێــک لەوەســتانی عەرووزی دەکرێت،چونکەهەندێک لەیەکە ڕیتمێکان کەدووبارەدەبنەوە هەناسەڕاگرتنێکی تێدایە،بەدووبارەبوونەوەی ئەو یەکە ڕیتمییە مۆسیقاکەدروستدەبێت.

**ب.موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقصوور:**ئەم قاڵبە کێشـە لە چـوار یەکەی ڕێـتمی (مفعـول فـاعلات مفاعیـل فاعلن)،(٣-٤-٤-٣) پێکدێت

چاوم لەتۆبڕاوە،بڕاوە فەرەح لەدڵ
تــۆ ڕوودەپــۆشی بــۆیە لەباخــا نەمــاوە گــوڵ (دیــوانی حەمدی،٧٩١)

چا وم له/ تۆ ب ڕا وه / ب را وه فه/ ڕەح له دڵ
--ب / -ب -ب/ ب - -ب / - ب -
مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن
تۆ ڕوو ده /پۆ شی بۆ یه/له با خا نه/ما وه گوڵ
--ب / -ب —ب/ ب - -ب / - ب —
مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن

**پ.مــوزاریعی هەشــتی ئەخــرەب :**ڕێــتمی ئەم قــاڵبە کێشــە پێکدێت لە(٣-٤-٣-٤)،(مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن )

دەریایی حوسن ونازی مەوج وحوبابی هێنا

یەعــنی لەزوڵــف و پەرچەم عــوودو ڕوبــابی هێنــا (دیــوانی حەمدی،٧٥٥)

دەر یا یی/حوس ن و نا زی/مەو ج و حو/ با بی هێ نا
--ب /- ب - - /- - ب / - ب - -
مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن
یەع نی لە /زوڵ ف و پەر چەم / عوو دو ڕو/با بی هێ نا
--ب / - ب - /- - - ب/ - ب - -
مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن

یەکە ڕێتمییەکـانی ئەم شـیعرە بەشـێوەیەکی ڕێـک و بە نـۆرە دووبــــارەبوونەتەوە،ئەم دووبــــارەبوونە ڕێـــــکەش وای کـردووە،ڕێتمێکی بەهـێزو مۆسـیقایەکی چـێژبەخش دروسـت بکات.

**٤.کێشی- موتەقاریـب:**یەکـێکە لەو کێشـانەی کە لەشـیعری کلاسـیکی کـوردی دا بەکارهێنراوە،حەمـدی دوو شـیعری بەم قاڵبە کێشە هەیە کە دەکاتە٠,٥٥٥%ی شیعرەکانی ،ئەم قاڵبە لەهەشــت (تەفعیلە)پێکـدێت ،کە هەرنیــوە دێڕێــک چــوار تەفعــیلەی لە خــۆ گرتــووە،یەکێکە لەو بەحــرانەی کەهــیچ تەفعــــیلەیەکی تــــێکەڵ نابێــــت و لە یەک تەفعــــیلە پێکدێت،ئەمەش(مۆسیقایەکی ڕوونی پێدەبەخشێت،کە پشت بە دووبـاربوونەوەو ئـاوازێکی بەرز دەبەسـتێت بەهـۆی نـزیکی ســــەبەبەکانی لە وەتەدەکــــانەوە،چونکە،لەبەینی دوو وەتەدا سەبەبێک هەیە).(ابومغلی:٢٠٠٩،٢٠)

قاڵبەکانی ئەم کێشە لەشیعری حەمدی بریتین لە:

**ا.موتەقـاریی هەشـتی مەقصـوور:**ڕیـتمی ئەم قـاڵبە پێکـدێت لە(٣-٣-٣-٢)،(فعولن فعولن فعولن فعول).

خەرامان لە دەوری گوڵستان چنار

خەریکن ئەکەن مەشقی باڵایی یار (دیوانی حەمدی،٧٣٧)

خه را مان/له دەو ری/ گو ڵس تان/ چ نار
ب-- / ب - - / ب - - / ب — .
فعولن فعولن فعولن فعول
خه ری کن /ئه کەن مەش/قی با ڵا/یی یار
ب-- / ب - - / ب - -/ب -.
فعولن فعولن فعولن فعول

**ب.موتەقـاریی هەشـتی مەحـزوف:**ئەم قـاڵبە لە چـواریەکەی ڕیتمی (فعولن فعولن فعولن فعل)،پێکدێت (٣-٣-٣-٢).

یەکێ سوفڵەیەو بەدخوەو پڕگەزەند

یەکێ نایەوێ کردەوەی ناپەسەند (دیوانی حەمدی،801)

یه کێ سوف/ له یەو بەد/خو وەو پڕ / گه زەند
ب - -/ ب - -/ ب - -/ ب -
فعولن فعولن فعولن فعل
یه کێ نا / یه وێ کر / دە وەی نا /په سەند
ب - -/ ب - - / ب - - / ب -
فعولن فعولن فعولن فعل

ئەم دوو شـــیعرەی ســـەرەوە تـــووشی گـــۆڕانی (حەزف و قەسر)،هــاتوون ئەمەش بــووەتە هــۆی ئەوەی مۆســـیقای شیعرەکە خێرابێت، چونکە کاتێک پێیەکانی یەکەم و دووەم و سـێیەم بە شـێوەیەکی ڕێـک دووبـارە دەبێـتەوە، پـێی چـوارەم بــــڕگەیەکی لێ فڕیـــــدەدرێت مۆســــیقای شـــــیعرەکە بەهێزتردەبێت،ئەمە جگە لەوەی ئەو پێیانەی کە ئەم دوو قاڵبە شیعرانەی لەسەر بنیاتنراوە کورتن ،ئەم کورتیەش وای کردووە کێشەکە سووکتر بێت و بەخێرایی دووبارەببێتەوە.

**٥.کێشی خەفیف:** ئەم کێشە کێشێکی لێکدراوە،لەهەردوو پێی (فــاعلاتن- مســتفع لن)،دروستدەبێت،لەشــیعری کلاســیکی کـوردی دا بەکارهاتووە،حەمـدی دوو شـیعری بەم قـاڵبە هەیە کە دەکـاتە ٠,٥٥٥(%)ی شـیعرەکانی.بۆیە نـاونراوە خەفیـف بەهۆی(سووکبوونی لەچێژو بڕگەکردنی،هەروەها سێ سەبەب بەدوای یەکـــــدا دێـــــن ســــــەبەبەکان ســــــوکترن لە وەتەدەکان).(البحراوی:١٩٩٣،٥٠)

قاڵبەکانی ئەم کێشە لەشیعرەکانی حەمدی دا پێکدێت لە:

**ا.خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسلەمی موسەبەغ:**ئەم قاڵبە لە سێ یەکەی ڕیتمی (فاعلاتن مفاعلن فع لان)،پێکدێت (٤-٤-٢)

ئەم سەراپەردەیە کەبەرپابوون

مانگ و ڕۆژی هەڵات وئاوابوون (دیوانی حەمدی،٦٧٩)

ئەم سه را پەر/دە یە کە بەر/ پا بوون
-ب - - / ب - ب - / - - .
فاعلاتن مفاعلن فع لان
مان گو ڕۆ ژی / هە ڵا ت و نا/وا بوون
-ب - - / ب- ب - /- - .
فاعلاتن مفاعلن فع لان

مۆسیقای ئەم شیعرە لەسەرەتادا بەهۆی گۆڕانەکانی (خەبن و سەلەم)ەوەجۆرە خێرایەکی تیابەدی دەکرێت،بەڵام لەکۆتا تەفعیلەدا موسیقاکەی خاودەبێتەوە هۆکاری ئەم خاویەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەبڕگەی کۆتایی بڕگەیەکی کەشیدەیە،کەلەبڕگەی درێژ درێژترە.

**ب.خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسلەم :**ئەم قاڵبە کێشە لە سێ یەکەی ریتمی (فاعلاتن مفاعلن فع لن)پێکدێت ،(٤-٤-٢).

وەهـ چ خۆشە ببێتە بەحری بەڕ

بەڵکەئێمەش بکەین دەمێ لەب تەڕ (دیوانی حەمدی،204)

وەهـ چ خۆ شە/ ب بێ تە بەح/ ری بەڕ

-ب - -/ ب -ب - / - -

فاعلاتن مفاعلن فع لن

بەڵ کە ئێ مەش / ب کەین دە می / لەب تەڕ

-ب - -/ ب - ب - / - -

فاعلاتن مفاعلن فع لن

لەم شیعرەدا،یەکەڕیتمیەکان کەمترن و لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا دووبارەدەبنەوە،ئەمەش وای کردووە شیعرەکە خاوەن مۆسیقایەکی خێرابێت، بە گوێگرتن لێی گوێیەکان هەست بەئارامی بکەن.

**٦..کێشی ــ رەجەز :**یەکێکە لەبەحرە عەرووزیە ئاسان و سافەکان ،لەدووبارەبوونەوەی پێی (مستفعلن )دروستدەبێت،(حەمدی)ی شاعیر یەک شیعری بەم قاڵبە کێشە هەیە کەدەکاتە٠,٢٧٧% ی شیعرەکانی.کێشی ــ ڕەجەز(کێشێکی سووکەو بەئاسانی هۆنینەوە ناسراوە،تەنانەت هەندێک لە عەروزەکان پێی دەڵێن (گوێدرێژی شاعیران)).(خلیل :٢٠١٢،١٦١)ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەرکەس بییەوێت دەتوانێت شیعر بەم کێشە بهۆنێتەوە،چونکە ئاسانترین بەحری عەرووزیە لەچاو بەحرە عەرووزیەکانی تر

حەمدی یەک قاڵبی بەم کێشە هەیە ئەویش :

**ا..رەجەزی چواری تەواو:** ئەم قاڵبە کێشە لەدوویەکەی ریتمی (مستفعلن مستفعلن )پێکدێت(٤-٤)،هێماکەی بەم شێوەیە(- - ب -)

بەهـ بەهـ چە ڕۆژێکی ئەوە

هەی هەی چە عومرێکی نەوە (دیوانی حەمدی،731)

بەه بەه چە ڕۆ/ ژێ کی نە وە

--ب - / - - ب -

مستفعلن مستفعلن

هەی هەی چە عوم/ رێ کی نە وە

--ب - / - - ب -

مستفعلن مستفعلن

ئەم شیعرە خاوەن مۆسیقایەکی بەهێزە،چونکە یەکە ڕیتمییەکان لە ماوەیەکی زەمەنی ریکدا دووبارەبوونەتەوە،ئەمەش وای کردووە زیاتر چێژی لێببینین،هەروەها خاوەن مۆسیقایەکی خێرایە،چونکە یەکەڕیتمییەکان بەخێرایی و لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا دووبارەدەبنەوە.

**٧.کێشی- موجتەس:**یەکێکە لەکێشە عەرووزیەکانی شیعری کلاسیکی کوردی کە(بەمانای (لێپچڕاو)دێت ،چونکە لەبازنەی خۆیدا پچڕاوە)،(گەردی:١٩٩٩،١٩٣)ئەم کێشە لای عەرەبەکان بایەخێکی ئەوتۆی نییە و یەکێکە لەکێشە کەم بەکارهاتووەکان ،کە لەهەنگاوەکانی (مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن) دروستدەبێت،بەڵام لای کورد کێشێکی دەگمەن نییەو چەند قاڵبێکی جیاوازی هەیەو یەکێکە لەکێشە نەرم وسووکەکان ،حەمدی یەک شیعری بەم کێشە هەیە کە دەکاتە ٠,٢٧٧%ی شیعرەکانی .

**ا..موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم :**ڕێتمی ئەم قاڵبە بەم شێوەیە (مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن) (٤-٤-٤-٢)

وەتەن عەزیزە،دەخیلە مەڵێن:گڵی خاکە

گڵی کلێکە سوورمەیی عیوونی ئیدراکە ( حەمدی، ٤٢٨)

وە تەن عە زی/ زە دە خی لە/ مە ڵێن گ ڵی /خا کە

ب-ب - / ب ب - -/ ب - ب -/ - -

گ ڵێ ک لێ / کە سوور مە یی /ع یوو نی نید /را کە

ب-ب - / ب ب - - / ب - ب -/ - -

مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن

ئەم شیعرە خاوەن مۆسیقایەکی نەرم و خۆشە ،یەکسان و بوون و هاوشێوەیی پێی( یەکەم و سێیەم )،وای کردووە مۆسیقای شیعرەکە بەهێزبێت،بەڵام ئەگەر ئەم دووپێیەش جیاواز بووایە وەکو پێی دووەم و چوارەم ئەوا مۆسیقای شیعرەکە لەوەستانە عەرووزیەکاندا دەبوو،نەدەبووە خاوەن ئەو جۆرە بەهێزییە چونکە یەکسان بوون و ریکی پێی شیعر وادەکات مۆسیقای شیعرەکە بەهێزبێت بەڵام ئەگەر پێی شیعرەکە جیاواز بێت ئەوا ئەوبەهێزییەی شیعر بەدی ناکرێ.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا کێش وقاڵبە کێشەکانی شیعری حەمدی دەخەینەڕوو:

| ژمارە | کێش | قاڵبە کێش | ژمارەی شیعر | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | **هەزەج** | | **١٦٤** | **٪٤٥،٥٥٥** |
| | ا. | هەزەجی هەشتی تەواو | ١٠٦ | ٪٦٢٤،٦٤ |
| | ب. | هەزەجی هەشتی موسەبەغ | ٢٤ | ٪١٤،٦٣٤ |
| | پ. | هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف | ١٨ | ٪١٠،٩٧ |
| | ت. | هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقصور | ٢ | ٪١،٢٢٠ |
| | ج. | هەزەجی شەشی مەحزوف | ١١ | ٪٦،٧٠٧ |
| | چ. | هەزەجی شەشی مەقصور | ٣ | ٪١،٨٣٠ |
| ٢ | **رەمەل** | | **١٥٦** | **٪٤٣،٣٣٣** |
| | ا. | رەمەلی هەشتی مەحزوف | ٧٨ | ٪٥٠ |
| | ب. | رەمەلی هەشتی مەقصور | ٧٥ | ٪٤٨،٠٧٧ |
| | پ. | رەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم | ٢ | ٪١،٢٨٢ |
| | ج. | رەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزوف | ١ | ٪٠،٦٤١ |
| ٣ | **موزاریع** | | **٣٤** | **٪٩،٤٤٤** |
| | ا | موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف | ١٧ | ٪٥٠ |
| | ب | موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقصور | ١٦ | ٪٤٧،٠٥٩ |
| | پ | موزاریعی هەشتی ئەخرەب | ١ | ٪٢،٩٤١ |
| ٤. | **موتەقاریب** | | **٢** | **٪٠،٥٥٥** |
| | ا. | موتەقاریبی هەشتی مەحزوف | ١ | ٪٥٠ |
| | ب. | موتەقاریبی هەشتی مەقصور | ١ | ٪٥٠ |
| ٥. | **خەفیف** | | **٢** | **٠،٥٥٥** |
| | ا | خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسلەمی موسەبەغ | ١ | ٪٥٠ |
| | ب | خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسلەم | ١ | ٪٥٠ |
| ٦. | **رەجەز** | | **١** | **٪٠،٢٧٧** |
| | ا | رەجەزی چواری تەواو | ١ | ٪١٠٠ |
| ٧. | **موجتەس** | | **١** | **٪٠،٢٧٧** |
| | ا. | موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم | ١ | ٪١٠٠ |

## ئەنجام:

1.مۆسیقا کۆڵەکەیەکی بناغەیی شیعرە،لایەنێکی دیارو ئاشکرای شیعرەکانی حەمدی پێکدێنێت بەجۆرێک لەشیعرەکانی رەنگی داوەتەوە،ئەمەش وای کردووە بەخوێندنەوەی شیعرەکانی هەست بەچێژوتاموبۆیەکی تایبەتی بکرێت.

٢.کێش رەگەزێکی سەرەکی و یەکەی پێوانەیی شیعرە،کەخاوەن سیستەمێکی دەنگی تایبەت بەخۆیەتی و رۆڵی هەیە لەدروستبوونی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی حەمدی.

٣.شاعیر تەواوی شیعرەکانی بەکێشی عەرووزی عەرەبی نووسیوە،بەمەش مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی هێندەی تر بەهێزو جوان کردووە.

٤.حەمدی کێشە عەرووزییەکانی بەرێژەی جیاواز بەکارهێناوە،زۆرترین شیعری بەکێشی هەزەج هۆنیوەتەوە،کە ٤٥،٥٥%ی شیعرەکانی پێکهێناوەو پلەی یەکەمی گرتووە،دوای ئەم کێشەش کێشی رەمەلێ بەرێژەی 43،٣٣%بەکارهێناوە، بەپلەی دووەم دێت،کێشی موزاریعیش بەرێژەی ٩،٤٤%بەپلەی سێیەم دێت،کێشەکانی موتەقاریب و خەفیف بەرێژەی ٠،٥٥%،رەجەزو موجتەس بەرێژەی ٠،٢٧٧%بەکارهێناوە.

5.قاڵبە کێشی هەزەج، لەهەموو قاڵبەکانی تر مۆسیقیترە،چونکە کێشێکی سووکە، لەگەڵ یاساو رێسا فۆنەتیکییەکانی زمانی کوردی زیاتر دەگونجێت لەچاوقاڵبەکێشەکانی تر.

## سەرچاوەکان:


١.ئاشنا،ئومێد(٢٠٠٢)،گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێردراوەکانی،هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٢.ئیبراهیم،دلێر،(٢٠٠٤)،تیۆری مۆسیقا،چاپی سێیەم،بێ شوێنی چاپ ،بێ ناوی چاپخانە.

٣.ئاسۆ،محمد سەعید نەجاری(٢٠٢٠)،دیوانی حەمدی،چاپی یەکەم،سنە،بڵاوکردنەوەی کوردستان.

٤.بیمار،عبدالرزاق(١٩٩٢)،کێش ومۆسیقای هەڵبەستی کوردی،چاپی یەکەم،بغداد،چاپخانەی دار الحریە.

٥.بەکر،محمد(٢٠٠٤)،کێش و رێتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی،چاپی یەکەم،هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٦.پوور،عەلی ئەصغەر،(٢٠٠٧)،ئامێری مۆزیکی کورد،چاپی یەکەم،هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٧.رؤوف،صلاح(١٩٨٩)،توێژەکانی مۆسیقا،چاپی یەکەم،چاپخانەی سومر.

٨.سابیر،د.پەرێز(٢٠٠٦)،رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر،چاپی یەکەم،هەولێر،چاپخانەی ئاراس.

٩.عەبدوڵلا،د.ئیدریس(٢٠٢١)،دەقناسی ئەدەبی کوردی،چاپی دووەم،هەولێر،تەفسیر بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

١٠.عەلی،د.دڵشاد(١٩٩٨)،بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردی دا،سلێمانی ،چاپخانەی میر.

١١.کەلاری،حوسێن(٢٠١١)،شێواز لەهۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا،چاپی یەکەم،سلێمانی،چاپخانەی یاد.

١٢.گەردی،عەزیز(١٩٩٩)،کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی وکێشی شیعری فارسی،چاپی یەکەم،هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

١٣.گەردی،عەزیز(٢٠٠٣)،رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی،سلێمانی،چاپخانەی دێکان.

١٤.گەردی،عەزیز(٢٠١٤)،کێشناسی کوردی،چاپی یەکەم،چاپخانەی نارین.

١٥.هەژار(١٣٩١)،هەنبانە بۆرینە،چاپی هەشتەم،تهران،چاپخانەی سرووش.

١٦.هۆراس(١٩٧٩)، هونەری شیعر،هۆرس،وەرگێڕانی ،حەمید عەزیز،چاپخانەی الزمان ،بغداد.

١٧.ابو مغلی،سمیح(٢٠٠٩)،العروض والقوافي،طبعه الاولی،دارالبدایه.

١٨.ابودیب،کمال(١٩٧٢)،في الشعریه،بیروت،مؤسسه الابحاث العربیه.

١٩.البحراوی،د.سید(١٩٩٢)،العروض والایقاع الشعر العربي،هیئه المصریةالعامه للکتاب.

٢٠.التبریزی.الخطیب(١٩٩٤)،الکافي في العروض والقوافي،القاهره،مکتبه الخانجي.

٢١.خلیل،ابراهیم محمود(٢٠١٢)،عروض الشعر العربي،الطبعه الثانیه،الاردن،دار المیسره للنشر والتوزیع.

٢٢.صلاح،د.شعبان(٢٠٠٧)،موسیقی الشعر بین الاتباع و الابتداع،قاهره،دار الغریب للطباعه والنشر.

٢٣.عتیق،د.عبدالعزیز(٢٠٠٠)،علم العروض والقافیه،طبعه الاولی،قاهره،مکتبه دار الافاق.

٢٤.یموت،د.غازی(١٩٩٢)،بحور الشعر العربي،طبعه الثانیه،بیروت دار الفکر اللبناني.

25. Ab eles , Harold,2010, The historical context of music education, vol 9 , Oxford, UK : Oxford University Press.

٢٦.سابیر،نزار(١٩٨٩)،گەشتێک لەگەڵ دوو کێشی عەرووزدا بەناو گوڵزاری شیعری کوردیدا،گۆڤاری کاروان،ژمارە (٧٥).

٢٧.م.نوری(١٩٢٦)،ئەدەبیاتی کوردی،رۆژنامەی ژیان، ژمارە (27).